# هزری نەتەوەیی کوردی لە کوردستانی ئێران)

عەبدوڵڵا موهتەدی
2007/2/13

هەندێ لە لێکۆڵەرە سیاسیەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپا خوێندوویانە و، مامۆستای فیکری سیاسی و زانستە سیاسیەکانن وایان دەربڕیوە، کە خەملین و شێوەگرتنی نەتەوەیەك هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتن و زاڵبوونی کۆمەڵێك چەمك و کۆنسێپت لە ئەم وڵاتەدا. یەکێك لەوانە ئینتیما یان وەفاداری لەسەر بنەمای عەشایەری یان ناوچەیی یان شاری یان زاراوەو دیالێکتیکی، ئەوانە کز دەبن و دەچنە پەراوێزەوەو خۆ بە (هاوڵاتی) یان ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بزانن، تا ئەوەی خۆیان بە ئەندامی عەشیرەت و تایفەو خێڵ و یان سەر بە تەریقەت، یاخود دیالێکتێکی دیاریکراو لەو وڵاتەدا بزانن. ئەمەش دەبەسترێتەوە بەوەی کە کۆمەڵێك پەیوەندی ئابووری چڕو پڕ لەو وڵاتەدا دروستبێ و، هەموان بتوانن لە یەکگرتنێکی ئابوریدا پێکەوە بەسەربەرن، دەبەسترێتەوە بە زمانێکی ستانداری یەکگرتوو و، مەسەلەی دەسەڵاتێکی سیاسی یان دەوڵەتێکی کوردی.

## نەتەوەبوون، پرۆسەیکی مێژووییە

لەمبارەیەوە هەندێجار شتێك نادیدە دەگیرێ، ئەویش دروستبوونی نەتەوەو بیری نەتەوەییە و، لە چوارچێوەی مێژووییدا سەیر ناکرێ، لەکاتێکدا خودی کورد نمونەیەکە نیشان دەدات، چۆن نەتەوەیەك یانی وانیە کە سەردەمێك یان بەروارێکی دیاریکراومان هەیە تا ئەو رێککەوتە کورد نەتەوە نیە، لەو بەروارە بەدواوە کورد یان هەر نەتەوەیەکیتر دەبێ بە نەتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی مێژووییە، یانی خەملینی گەلی کورد وەك نەتەوەو میللەتێك خۆی پرۆسەیەکی مێژووییە. بۆنمونە زۆر لە بزووتنەوە کوردییەکان لە سەدەی نۆزدەو تا سەرەتای سەدەی بیستدا لەژێر کاریگەری و رێبەرایەتی شێخ و پێشەواکانی ئایینی و تەریقەت یان سەرۆکی خێڵ و هۆزەکان بوون، ئەوکات نەیدەتوانی جۆرێکیتر ببێ، قەوارەو ستراکتۆری کوردی ئەوکاتە جۆرێك بوو کە تەنیا ئەمانە دەیانتوانی ببنە سەر گەورەو، بەڕێوبەری هەر بزووتنەوەیەك کە گەل ئەوکاتە بیبوایە.

## کورد، هێشتا نەتەوەیەکی تەواو نیە

ئەگەر بزووتنەوەیەکی وەك شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بادینان لەبەرچاو بگرین، هەم بزووتنەوەیەکی عەشایەری بووەو هەم نەتەوەیی، لەلایەکەوە خۆی سەرۆکێکی ئایینی و سەرۆکی تەریقەت بووەو شێخایەتی کردووەو خاوەن موڵکێکی گەورە بووە، پەیوەندییەکانی لەو بوارەدا یارمەتیدەر بوون بۆئەوەی بتوانێ ببێ بە سەر گەورە، بۆیە رەنگێك و تاموچێژی وای پێیە بە لەبەرچاوگرتنی قەوارەو ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردستانی، کەچی لەهەمان کاتدا کارەکانی وا نیشان دەدات کە بیری نەتەوەیی بووە، بۆیە لەلایەن زۆر کەسەوە بەناوی سەرەتای قۆناغێك کە بزووتنەوەی کوردایەتی نوێ هاتۆتە ئاراوە، چونکە دەبینین بەو نامانەی کە دەینووسێ، بەو وتارانەی کە دەیدا، بەو کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان کە هەوڵدەدات کورد یەکبخات و بەو کۆنگرەیەی کە دەیبەستێ خەریکە تێپەڕ بێ لە بازنەیەکی تەسکی عەشایەرێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو، هەوڵی ئەوەیە هەموو ناوچە و دیالێکت و تایفەو خێڵەکان پێکەوە رێکبخات و، ئەم رەوتەش دوایی درێژەی هەبوو. مەبەستم ئەوەیە کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزد و بەتایبەتی لەسەدەی بیستەمدا خۆی لە پرۆسەیەکی پێکهێنان و گەشەکردن و خەملین و بوون بە نەتەوەیەکدایە، وانیە کە قۆناغ و رۆژێکی دیاریکراومان هەبێ، کە پێش ئەوە نەبووبێ و دوایی هەبووبێ. لەو بڕوایەدام

ئەم پرۆسەیە دیارە كۆتایی پێدێ، بەڵام هێشتا تەواو كۆتایی پێ نەهاتووە، هێشتا كورد ماویەتی كە بەتەواوی خۆی وەكو نەتەوەیەك، بەهەموو خەسڵەتەكانی نەتەوەیەك بتوانێ دەربخات.

**موكریان، كانگای بزاڤی رزگاریخوازی لە كوردستانی ئێران**

لە كوردستانی ئێران لەبەر زۆر هۆكاری مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسی پێشتر بزووتنەوەی رزگاریخوازی زۆرتر لە ناوچەی موكریان سەریهەڵداوە، بۆیە بە هەڵكەوت نیە كە یەكەم كۆماری كوردی لە مهاباد (كە ناوەندی ئەم ناوچەیەیە) هاتۆتە ئاراوە. پێش ئەو، كۆمەڵەی ژێكاف كە پێشەنگی ئەم بزووتنەوەیە بوو خۆی لە ناوچەی موكریان و شاری مهاباد زۆرتر شێوەی گرتبوو، كەچی لەماوەی 30-40 ساڵی رابردوو، وردە وردە جوگرافیای سیاسی بزووتنەوەی كورد لەو بەشەی كوردستان گۆڕاوو لە پەرەسەندنێكی زۆر بەرچاودایە. لەساڵانی 1978-1979 كە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستپێكرا (دواتر بەو ئاقارەدا رۆیشت كە رەنگە ویستی كەس نەبووبێ)، بزووتنەوەی كوردی لە كوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ناوچەیەكی دیاریكراو دەركەوت، نەك لە ئاستی رۆشنبیران و نوخبەدا بەڵكو لە ئاستی جەماوەرو كۆمەڵگەدا، كە هەموو ناوچەی ئەردەڵان كە ناوەندەكەی سنەیەو ئەوانەش لەگەڵ خۆی گرتەوەو بەرەو خوارەوە چوو، تاڕادەیەكیش ناوچەی كرماشانی گرتەوە.

**فراوانبونی بازنەی بزاڤی رزگاریخوازی**

ئەوەی بەتایبەتی لەم دە ساڵەی رابردوودا دەبینرێ، قۆناغێكی ترە لەو فراوانبوونەی جوگرافیای سیاسی بزووتنەوە لە كوردستانی ئێران، كە پارێزگاكانی كرماشان و ئیلامیشی گرتۆتەوە، دیارە هێشتا لەبەر نەبوونی ئازادی سیاسی بواری ئەوە نیە ئەم فراوانبونەوەو پەیوەستبوونی ئەوانیش، ئەو رووبارانەش بۆ سەر چەمی گەورەی بزووتنەوەی كوردی لە كوردستانی رۆژهەڵات، ئێمە لەسەر ئاستی جەماوەری و بەئاشكرادا ببینین بەڵام لەسەر ئاستی رۆشنبیری و نوخبەی سیاسیدا كە ریشەی داكوتاوە لەناو خەڵك، بەئاشكرا ئەمە دەبینرێ، لەو بڕوایەدام هەر ئاڵوگۆڕێكی سیاسی لەئێستاوە تا ساڵانی داهاتوو لە ئێران رووبدات، ئیتر كوردستان بزووتنەوەكەی تەنها بەشی كرمانجی زمان و بەشی موكریان و بەشی ئەردەڵان نابێ، بێگومان كرماشان و ئیلام كە بەشی كەڵهوڕ زمانن نەك هەمووی بەڵام زۆربەشی بە ئایینین جیاوازییان هەیە لەوانیتر كە ئیسلامی شیعەن و، بەشێكی كەمتریان كە بەرچاون بریتین لەوانەی كە خۆیان بە خۆیان دەڵێن (یارزان) كە ئاینێكی كۆنی كوردییەو كتێب و نوسراوو رێوڕەسم و مەناسكی خۆیان ماوەو، خۆیان لە خەڵكی كەمتر بە كورد نازانن، بۆیە لەو بڕوایەدام ئەمجارە هەر ئاڵوگۆڕێكی سیاسی رووبدات هەر لە ماكۆوە تا لوڕستان، بزووتنەوەیەكی كوردیمان هەیە لە ئێران، لانی كەم دوانزە ملیۆن خەڵكن، چوار پارێزگای (ئازەربایجانی غەربی -كوردنشین و ئازەربایجانی نشینن-، كوردستان، كرماشان، ئیلام) دەگرێتەوەو ئەمەش بەڵگەیەكیترە بۆئەوی كە پرۆسەی بوون بە نەتەوە خۆی پرۆسەیەكی مێژووییە.

**بزاڤی سیاسی بە رۆڵی دەوڵەت هەستاوە**

ئەگەر لە شوێنەكانی دیكە هەبوونی دەوڵەتێك و كیانێكی سیاسی وایكردووە كە نەتەوەی تاڕادەیەكی زۆر دروست كردووەو قەوارەی پێداوەو بارودۆخێكی پێداوە كە خۆی تێدا دەرببڕێ، نەبوونی ئەو دەوڵەتە لە كوردستان بە بزووتنەوەی سیاسی قەرەبوو كراوەتەوە، ئەو رۆڵەی كە شۆڕش و بزووتنەوە سیاسیەكانی كوردی بینیویانە تاڕادەیەكی زۆر رۆڵی دەوڵەتیش بووە، ئەوان بوون كە هۆشیاری نەتەوەییان بڵاو كردۆتەوەو، هەستی ئەوەی هەر كامێكمان تاكێكی لەو نەتەوە چاندوویانە لەدڵی هەمووماندا. ئەوان بوون كە لەهەمان كاتدا زمانی كوردییان كردووە بە زمانێكی ستاندارد، ئەوە چەند ساڵێكە خۆشبەختانە خاوەنی تەلەفزیۆن و میدیاو رۆژنامەگەرییەكی بەربڵاوین، دەنا ئەو تاك و تەرایەی كە بوون زۆرتری لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەو شۆڕش و حزبە سیاسیەكاندا بوون، بۆیە لە رابردوودا جێی چۆڵی نەبوونی دەوڵەتێكی كوردی گرتۆتەوەو تاڕادەیەك ئاسانكارە بۆ خەملێنی ئەم نەتەوەیە.

(گاری باڵدی) دوای ئەوەی كە شەڕەكانی یەكگرتنەوەی وڵاتی ئیتاڵیای كردو سەركەوت تیایداو،

وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ " ئێمە نەتەوەی ئیتاڵیامان یەکخستەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە دروستی بکەینەوە، کوا نەتەوەی ئیتاڵیا؟" ئەوان ئەوکات لە زمانێکی یەکگرتووەوە دەستیان پێکرد. ئەوەی لە کوردستانی ئێران دەیبینین هەنگاو هەڵگرتنێکی خێرایە و قۆناغێکی تازەیە کە ئەمجارە هەموو کورد لە کوردستانی ئێران نەك هەر لەباری ئەتنیکیەوە کوردن، بەڵکو بە سیاسەت و هۆشیاری خۆیان بە کورد دەزانن بەمەش دەتوانرێ قەوارەی نەتەوەییەك دابڕێژرێ.

**کورد لە خوراسانیش هەیە**

کورد لە ئێران لە خوراسانیش هەن، کوردی خوراسان کە خۆیان مەزندە دەکەن بە یەك تا یەك ملیۆن و نیو کەس و ئێستا بیری نەتەوەیی کوردی لەوێ زۆر زۆر گەورەیە، ئەمەش دیاردەیەکی تازەیە، کە پێشتر نەمان دیوە. ئەو کوردانە سەدان ساڵ لەوە پێش، بەر لە حکومەتی سەفەوی راگوێزراون بۆ ئەوێ، بۆئەوەی لە ولاتی خۆیان سەربزێوی نەکەن، هەروەها لەبەرئەوەی کورد شەرکەری چاك بوون و، دەوڵەتانی ئێرانیش لە زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا، هەمیشە داگیرکاری عەرەب بۆ ئێران گەورەترین هەرەشە بووە لەسەر کیانەکەیان، کە لە تورکانی باکووری رۆژهەلاتی ئێرانەوە سەریهەڵداوە.

**ئێران لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە**

ئەگەر هەموو ئەوانە و بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران و ناوچەکە لەبەرچاو بگرین وادەزانم کوردستانی ئێران لەساڵانی داهاتوو هەستانەوەیەکی گەورە بەخۆوە دەبینێ و دەتوانێ رۆڵێکی ئەرێنی ببینێ لە بزووتنەوەی کوردیدا. ئێستا ناوچەکە لە هەمیشە ئالۆزترەو ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە ئێراندا هەیە ئەگەر بە سیاسەتە نیشتمانیەکەی نەرووخێ بە ئابوریەکەی دادەتەپێ، کە ئابووریەکەی لە حاڵەتی داتەپیندایەو کێشە ناوخۆییان هەرگیز ئەوەندە زۆر نەبووەو دووبەرەکایەتی لە هەمیشە زیاترەو، خەڵك رووەو هەستانێکی زۆرترەو میحوەرێکی عەرەبی بەرووی ئێران لە ناوچەکە دروستبووە کە پارو پێرار وانەبووە، کێشەی ئەتۆمی ئێرانیش رۆژبەرۆژ لە توندتربووندایە، بەهەر سیناریۆیەك بێ ئێران لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە.

**ئەرکی سەر شانی کوردی ئێران**

بۆ کوردی ئێران دوو کار پێویستە، خۆئامادەکردنێکی سیاسی جگە لە رێکخراوەیی، باشترین رێگەش بۆ ئەمە دروستکردنی بەرەیەکی سیاسییە لە کوردستانی رۆژهەلاتدا، ئەمە پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە و رای گشتی قبوڵیەتی و خەڵك پەلەمان لێدەکەن و هیچ پاساوێك بۆ نەکردنی نیە. هەروەها رۆشنبیران لە پارچەکانیتر سەرنجێکی تایبەتیتر بدەن بە کوردستانی ئێران، بە بزووتنەوەکەی و داهاتووەکەی، ئێمە تائێستاش ئەگەرچی هاوکاری و هەنگاوی باش دەبینین لەبواری ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی کوردیدا، بەلام هێشتا جێگەی چۆڵە، کوا ستراتیژیەتیەکی هاوبەشی کوردی؟ کوا شاندێکی هاوبەشی هەموو لایەك بۆ سکالاکردن و پێشکەشکردنی داواکاری کورد لەئاستی ئەوروپاو ئەمەریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان؟ بەبڕوای من هەماهەنگییەکی زۆرترو تەرخانکردنێکی بەشێکی زۆرتر لە بیرو تواناکان لە هەرێمی کوردستان بۆ کوردستانی ئێران، جێی خۆیەتی. لەئاستی دیپلۆماسیشدا بۆ کوردستانی ئێران پێویستە چالاکیەکی زۆرتر بنوێنێ، کوردستانی ئێران زۆر کەمتر لە پارچەکانیتر بە داخەوە کێشەکەی لەدونیادا ناسراوە، ئەم کێشەیە دەبێ زۆرتر بناسرێ و کوردی ئێران دەبێ خۆیان زۆر هەوڵی بۆ بدەن، بەلام جێی خۆیەتی هەموو لایەك هەوڵی بۆ بدەین، بە بڕوای من ئەو پارچەیەی کوردستان کە لە داهاتوویەکی رەنگبێ نزیکتر لە شوێنەکانیتر سەرهەڵدانێك بەخۆیەوە ببینێ و قۆناغێکی گەورە بۆ پێشەوە تێپەڕ بکات، کوردستانی ئێرانە، بۆیە دەبێ زۆر کاری لەسەر بکەین و یارمەتی بدەین.